www.kurdistannet.org
27/06/2003 16:41

# شانازی بەچییەوە دەکەن. . ؟

نورەدین سەعید وەیسی

پـدك وینـك چـونكە دووهێـزی خۆپەرسـت وپاوانخـوازن، بـۆیەلەیەك نزیكبوونەوەشـیان وەك شـەڕو خوێنرێژییەكانـی نێوانـیان تەنهانەگبەتـی ونەهامەتـی بـۆ خەڵكـی بـێ دەسـەڵاتی كوردسـتان بەدواوەیـە، هەنـووكە كە زەبرو كوتەكی گۆڕانكارییەكانی عیراق ناچاری كـردوون دەسـەڵاتەكانیان یەكبخەن وئەگـەر بۆشیان بكرێت وەك جاران خێرو بێرو داهات وسامانی كوردستان هەڵلوشن، دەیانەوی جنگی خوێناوییان لە قورگی هەردەنگێكی جیاواز ورەخنەگر گیر بكەن.

هیسـتیریاو شـاڵاوی راگەیانـدنـی یەكێتـی لـەدژی هەفـتەنامەی هاوڵاتـی و نووسـەرو رۆژنامەوانانـی سـەربەخۆ، بەرۆشـنی دووپاتی دەكاتـەوە ئـەم دوو هێـزە كۆنـزەرڤاتیفە نـەك هەر ئامادەنین وازلەهزری سەركوتكەرانەی خۆیان بێنن، بەڵكو شایانی ئەوەش نین كە خەڵكی كوردستان هیچ خەون وئومێدێكی گۆڕان وكرانەوەیان لەسەر بنیاد بنی .

كوردسـتانی نـوی بـە چ چـاوڕوویكەوە ئـەم شـەڕەی هەڵایسـاندووە لەكاتـێكدا هـەتا پـاریش لەلاپـەڕەی یەكەمـی خـۆیدا سـڵاوی پرموحیبەبـەتـی بـۆ رۆژی دامەزرانـدنـی سـوپای ئەنفالچـی بـەعس دەنـارد وبـە ( (سـوپا دلێرەكەمان) ) وەسفی دەكردو رۆژی رەشی شەشـی كانوونیشـی وەك بۆنەیەكی نیشتمانی یاددەكردەوەولەهەردوو میرنشینەكەی بارزانی وتاڵەبانیشدا بە پشووی رەسمی رێزی لێدەگیرا، كەچـی ئەمـرۆ دەیانـەوی وەك سـوپەر سـتاری كوردایەتـی وپارێزوانـی ئـازادی ودیموكراسـی خـۆیان نیشان بدەن وسنگ دەرپەڕێـنن، لەكاتـێكدا هـەتا پـێش رووخانـی رژێمـی بەعسیش لەژێـر پـەردەی پەیـوەندی وەرزشـی وبازرگانـی وخـزمەتگوزاری هاوبەشـەوە پەیـوەندی ژێربەژێـرییان لەگەڵ بەرپرسـانی بـەعس بـەردەوام بـوو، جەلادەكانی بەعس وخودی كورەكانی سەدامی دیكـتاتۆریش ڤاچێكیان لەبەغداوئەویتریشـیان لـە سـەری رەش وهەولێـرو قەڵاچوالان وسلێمانی بوو، بەرپرسانی پارتی ویەكێتی بـەناوی نەخۆشی و چارەسەرەوە زووزوو بەبەغدای كۆنە هەواریان شاد دەبوونەوەودەبوونە میوانی سەرمێزی بەعسییان، خۆزگە سـەدام وعەلی كیمیاویش وەك تاریق عەزیزیاداشتەكانی خۆیان دەنووسییەوە، تا بەتەواوی وبەوردی ئەوەی ژێربەرِی هاتبایە سەر بەرِی و پەردە لەسەر پەیوەندی و بەرژەوەندی وبازرگانی هاوبەشی نێوان بەعس وپدك وینك هەڵماڵرابا.

ئەگەر زورنالیستەكانی پارتـی ویەكێتـی لەسەرخۆشكردنی ئاگری شەڕی نێوخۆو موهاتەرات وجنێوە پیسەكانیان بدراناياتە دادگا وبـەر ( (عفا اللە عماسلف) ) نەكەوتـبان، هەنـووكە ئەوجـورئەتەیان لەكوی بـوو جنێوبارانی نووسەرورۆژنامەوانە سەربەخۆكان بكەن وخۆشیان وەك پەپوولە نیشان بدەن.

نـازانم پارتـی و یەكێتـی دوای چوارسـاڵ شـەڕی نـێوخۆو دیل كوشتن وتاڵان، ئاخنینی خەڵك لەزیندانە بی شووماره‌كانیان، دزینی داهات وسامانی كوردستان، هێنانی لەشكری بەعس وتورك و ئێران، هیچیان ماوە بۆ شانازی پێوەكردن ولاف وگەزافی دیموكراسی لێدان. . ؟

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت